نووسینی مێژوو نووسی ئیتالی : ڤازاری
وەرگێڕان و ئامادەکردنی لە ڕووسی‌یەوە : محمد عارف

لە ئاسۆی هونەری جیهانی‌دا

# ڤێرۆکیۆ

## پەیکەرتاشی بلیمەتی ئیتالی

هونەرمەندی ئیتالی بەناوبانگ (ئەندرێ دێل ڤێرۆکیۆ) تەنیا پەیکەرتاشێکی مەزن نەبووە ، بەڵکو لە هەمان‌کاتدا دەستێکی باڵای لە هونەری نیگارکێشان‌و هێلکاری‌و گرافیك‌و پەرسپەکتیڤ : واتە (زانستی تەماشاکردن) و مۆسقاو زیرەنگەری‌دا هەبووە . ڤێرۆکیۆ لە فلۆرەنسا لە ساڵی ١٤٥٣دا لە خێزانێکی کورەچی لە دایك بووە . ئەوەی‌شایانی باسە ئەو هونەرمەندانەی لە یەك‌کاتدا ڕوویان لە چەند هونەرو پیشەیەکی جیاواز کردوە ، نەیانتوانیوە لە هەموو بەشەکانی‌دا ، بلیمەتی خۆیان بنوێنن ، بۆیەش لە سەرەتادا ڤێرۆکیۆ نەیتوانیویە زاڵ ببێتە سەریان و بەتایبەتی لە هونەری پەیکەرتاشی‌و نیگارکێشان‌دا تیری ڕەخنەیان ئاراستە کردوە ، بەڵام هونەرمەندی مەزن پاش هەوڵ‌و تەقەلایەکی فەنتازی‌و شەونخوونی‌و مەشقێکی یەکجار زۆر بووەتە مامۆستای بێ‌هاوتای زەمانی خۆی‌و ناوبانگی لە وولات‌دا بڵاوبووەتەوەو تا گەیشتوەتە پاپای ڕۆما کە بەو پەڕی ڕێزەوە داوای کۆمەڵە پەیکەرێکی قەوارە مەزنی لێ‌کردوەو هونەرمەندیش وەستایانە درووستی کردون‌و لەپاشان هونەرمەند گەراوەتەوە فلۆرەنساو دەستی بە پەیکەری بەناوبانگ : (داڤید) کردوە . سەیر ئەوەیە لەو کاتەوە داوا لە ڤێرۆکیۆو (لۆرێنچۆ گیبێرتی)ی پەیکەرتاش کراوە بۆ درووست کردنی کۆمەڵە پەیکەرێك . . . کاربەدەستەکان بوونەتە دوو بەش‌و هەربەشێکیان لایەنگیری پەیکەرتاشێکیان کردووەو ئەم پرۆژەیە بەم حاڵە تانزیك مردنی هەردو هونەرمەند هەرجی‌بەجێ نەکراوەو تا لە ئەنجامدا بریار دراوە کە ڤێرۆکیۆ پەیکەرەکان درووست بکات . هونەرمەند پاش ئەم قۆناغە دەستی بە هونەری نیگارکێشان کردوەو لەگەڵ ئەوەی تەنیا بنیادی فیگورەکانی دامەزراندوەو هەر لە چوارچیوەی هێلکاری‌دا بووە ، بەڵام دەستێکی باڵاو ئاستێکی بەرزی پیشان داوە .




پۆرترێتی هونەرمەند

پاش ڕووداوێکی سەیر ، ڤێرۆکیۆ بڕیاری داوە کە هەتا هەتایی دەست لە فڵچە نەداو تخوونی هونەری نیگارکێشان نەبێ ، ئەم ڕووداوەش بەم جۆرە بووە : ڤێرۆکیۆ لەگەڵ قوتابی خۆی (لیۆناردۆ داڤینیشی) کە ئەوسا تازە دەستی بە



پەیکەری کۆلیۆنی .
ڤینیسیا ١٤٧٩-١٤٨٨




بەشێکی پەیکەری کۆلیۆنی

هونەر نیگارکێشان دەکرد ، لە تابلۆیەکدا بە دوو قۆڵی ئیشیان کردووە . . . ڤیرۆکیۆ بەشی زۆری تابلۆکەی تەواوکرد و بەشێکی بچووکیش لیوناردۆ داڤینشی درووستی دەکرد ، بەڵام ڤیرۆکیۆ کە چاوی بە ئەو بەشەکەوت لیۆناردو درووستی کردوە ، نیگارەکەی خۆی لەبەرچاو کەوت ، چونکە جیاوازی‌یان یەکجار زۆر بوو و لە سنووری بەراوردیش دەرچوو بوو ، بۆیە بڕیاری‌دا چیتر لە نیگارکێشان نزیك نەبێتەوە .

هونەرمەند بۆ درووست کردنی پەیکەرە ئامادەیی‌و سکێچەکانی ، زۆر حەزی لەبەرکارهێنانی گێچ بووە . چونکە ئەم کەرەستەیە ئەنجامێکی خێرای دەدایە هونەرمەندو بەئاسانی هەمو جۆرە شێوەو فۆرمایکیان لیّ درووست دەکریّ . ئەم جۆرە گێچە بۆ (ماسك) واتە (قناع)ی مردووەکان بەکار ئەهێنراو لە فلۆرەنسادا زۆر باو بووە . بەتایبەتی ماسك بۆ ئەو مردوە وەردەگیرا کە تازە تەواو بووەو بە هۆی ئەم قالبەش پەیکەرێکی لیّ درووست دەکرا ، پاش ڕەنگ کردنو پرچ‌دانان و جلك لەبەر کردنی وەکو خۆی دەردەچوو هەر ئەوەندەی کەم بوو کە گیانی نیە ڤیرۆکیۆ لە درووست کردنی ئەم جۆرە پەیکەرانە مامۆستای یەکەمی شار بووە . هونەرمەند بۆ ئەم مەبەسە شەمێشی بەکارهێناوە .

دانشتوانی ڤینیسیا بڕیاریان دابوو کە پەیکەرێك بۆ پاڵەوانی نەتەوایەتی : (بارتۆلۆمیۆ) درووست بکەن ، بۆ ئەم پرۆژەیە بانگی ڤیرۆکیۆیان کردوە کە بەقەوارەیەکی گەورەو لە برۆنز ، لەکاتی سواری‌دا ئەم پەیکەرەیان بۆ دروست بکات‌و گۆرەپانی (سانت چوڤانی)یان بۆ هەڵبژاردوە . پەیکەرتاش یەکەم شت ئەسپی بارتۆلۆمیۆی درووست‌کردوەو کەویستویەتی پۆرترێتی تەواوی بکات ، کاربەدەستان ڕێیان نەداوەو بانگی پەیکەرتاشێکی تریان کردوە . ڤیرۆکیۆ زۆر تووڕەبووەو سەرو قاچی ئەسپەکەی شکاندووەو گەڕاوەتەوە فلورەنسا . ئەم شتە خەڵکی ڤینیسیای شێواوەندوەو تەنیا پاش تکایەکی زۆر گەڕاوەتەوە ڤینیسیاو کاربەدەستان زۆر ڕێزیان گرتووەو بەڵێنیان داوەتی لە باتی جارێك دووجار خەڵاتی بکەن . بەڵام بەداخەوە مەرگ ڕێگای هونەرمەندی نەداوە پەیکەرەکەی تا دوا قۆناغ تەواو بکات‌و لە ئەنجامی نەخۆشی‌یەکی کوشندە لە تەمەنی پەنجاو شێست ساڵیدا کۆچی دوایی کردوە .

هونەرمەندی مەزن بێجگە لەم هەموو بەرهەمە هەمە جۆرو نەمرانەی کە بەنیشتمانی خۆی‌و جیهانی بەخشیوە ، کۆمەڵێك لە قوتابیانی پەروەردە کردوە کە لەدوا ڕۆژدا ناوبانگیان لەهەموو جیهاندا بلاوبووەتەوەو بەشداریەکی هەرە زۆریان لە دەوڵەمەند کردنی سامانی هونەری ئەوروپی‌و جیهانی کردووە ، وەك : لیۆناردو داڤینشی ، پیرۆجینو ، بۆتیچللی وفرچیسکودی سیمۆنی) .



پۆرترێتی ئافرەتێك ١٤٧٥